دادگای فیدراڵی سکاڵای دژی ناردنی 618 ملیار دینارەکە بە هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوە

دادگای فیدراڵی عێراق ئەو سکاڵایەی لە دژی پێدانی زیاتر لە 618 ملیار دینار بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تۆمارکرابوو، یەکلایی کردەوە و ڕایگەیاند، سکاڵاکەی ڕەتکردووەتەوە چونکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبووە.

دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق لە دانیشتنی ئەمڕۆ چوارشەممە (3ی نیسانی 2024)، داوای یاسایی ژمارە 54ی تایبەت بەو سکاڵایەی لەلایەن مستەفا جەبار سەنەد لە سەر محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق تۆمارکرابوو، کە لە 14ی کانوونی دووەمی 2024 بەیاری لە سەر ڕەوانەکردنی (618.587.029.346) دینار بە مووچەی مووچەخۆرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابوو، بە پاساوی ئەوەی بڕیارەکەی سوودانی پێچەوانەی یاسای بودجەی بووە؛ بەڵام دادگا بە ڕەتکردنەوەی سکاڵاکە بڕیاری کۆتاییدا و ڕایگەیاند، سکاڵاکە ڕەتکراوە چونکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو